# پێکدادان لەنێوان بەرژەوەندیەکاندا

تایەری حاجی حەسەن
هۆڵەندا

کۆمەڵگاکان هەرلە سەرەتای بونیانەوە بەردەوام و بە شێوازی جۆراو جۆر لە نێو جۆرێک لە پێکدادانی نێو بەرژەوەندیەکانیان دا، شەڕو ئاشتیەکانیان درێژە پیداوە. ئەم درێژەپێدانە چ لە ڕوی ئابوریەوە بێت، وەک کێشەی سەرەکی ناو دەسەڵاتەکان، یاخود لە ڕووی پێکدادانی نێو کولتورە جیاوزەکانەوە خۆی ڕەنگ ڕێژ کردوە.
ئەم بەریەککەوتن و پیکدانانە زۆرجار دەرئەنجامەکەی بە شەڕی خویناوی و کاولکاری کۆتایی پێهاتوە. هەروەک جەنگەکانی پێش جەنگی یەکەم و دوەمی جیهان، دیارە ئەم دوانەی کۆتاییشیان بۆ خۆی بە پێی بەرژەوەندیەکانی زلهێزانی ئەو سەردەمە و لە ڕوی توانای براوەکانەوە دابەشکردنەکان جێکەوتە بوون. بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی وڵاتانی زلهێز کە دەوڵەمەند بوون لە ڕووی ئامرازە سەربازی و کەرەسەی جەنگەوە، هەروەک ئەو پرۆژەو ستراتیژەی کە پێوستیەتی ئەم زلهێزیەیان بەردەوام بپارێزێت، ئامانجیانە بە دەست ڕاگەیشتن بەسەر زەوت کردنی زۆربەی ئابوری جیهان بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان.
بۆ ئەوەی هەر لەم ڕێگەیەشەوە بتوانن جۆری دابەشکردنەکان بە ئەستۆی خۆیان بگرن.
بەڵام لەم نێوەندەدا دەتوانرێت چ جۆرە دابەشکردنێک خۆی بەرقەرار بکات. ئایا لەژێر تەسویرێکی ئالەم شێوازە دەتوانرێت کۆمەڵگاکان پێکەوە گرێ بدات و ئاستێکی هێمنیو ئازادی و یەکسانی بەرقەرار بکات؟ یان ئەمە دەبێتە سەرچاوەی نێوان پێکدادانەکان و هەر لەم ڕێگەیەشەوە بەردەوام ململانێکان ڕوو لە گرژی دەکەن و ئەوەی دۆستی دوێنێ یە، ئەمڕۆ دەبێت بەدوژمن؟
ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمێکدا دەژین، ئاڵۆزتر لە هەموو سەردەمەکانی ڕابردوو، دیارە ئەگەر ئایندەش هەر بەم شێوازەی دەسەڵاتدارێتی نیزامی سەرمایەداری درێژە بە عومری خۆی بدات، گێرە شێوێنیەکانی ئەم دەسەڵاتانەی ئەمڕۆ لەم سەرزەمینەدا خراپتر دەبێت، ژیانی خەڵکانیش لەمەی ئێستای باشتر بەنسیب نابێت بۆ زۆربەی چینی کرێکار یاخود توێژەکانی کەم دەرامەتی جیهان. ئەم سەردەمە بەهۆی ئاستی گەشەسەندنی بوارەکانی شۆڕشی زانستی و بەرەو کامڵ بوونی بە جیهانکردنی جیهان بە تەکنەلۆجیایی نوێ، دیارە ئەگەر ئەم داهێنانە نوێیانە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی لەبری کوشتنی بەکار بێت، دەتوانێت ژیان چەند هێندەی ئێستا ئاسانتر بکات بۆ هەموان، بەڵام بەهەر لێکدانەوەیەک لێکبیدرێتەوە دەست ڕاگەشتنی سیستمی سەرمایەداری بەپێی قازانجی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆی و زیاتر پڕ چەک کردنی خۆ لەبەرانبەر نەیارانی یەکدیدا ، دەبێت بگەین بەو حەتمیەتەی کە خواستی پاراستنی ئەم بەرژەوەندیانەی نیزامی سەرمایەداری تەنها کاولکاریەک و مەڵوێرانیەکی زیاتر دەتوانێت بەدوای خۆیدا بهێنێت.
شەڕوپێکدادانەکانی ئەم سەردەمە بە سەرکردایەتی سیاسی ئەمریکا و زلهێزانی جیهان، بۆ خۆی ستراتیژەکەی ڕوونە کە تەنها خواستیان خراپتر کردنی ژیانی کۆمەلگاکانە، ئەگەر نا، نەدەبوا بە هیچ کلۆجێک ئەم ئایدیا ترسناکە خۆی شۆڕ بکاتەوە بۆ نێو ژیانی کۆمەڵگاکان و لە سەردەمێکی ئاوا پێگەشتودا، پێم وایە بە بێ ئاسایشترین سەردەم دەتوانرێت بخەملێنرێت. چونکە ئاستی زانستی تەکنەلۆجی هێند خێرا بووە دەتوانرێت لە کەمترین کاتدا خۆیان بگەیەنن بەهەر جێگایەک کە مەبەستی دەسەڵاتدارانە. بەڵام هۆکار چیە وا بەم ئەندازەیەش کۆمەڵگاکان دەخرێنە نێو بیروبۆچونە ڕەگەز پەرستی و یەکتر کوشتنەکانەوە. ئایا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی پێویستی بەم هەموو باجە ماددی و مەعنەویانە هەیە؟ یان

پێویستی بە زیندوو کردنەوەی ئەم هەموو ئایدیالە کۆنەپەرستی و رەگەز پەرستیانە هەیە؟ یاخود ئەمە تەنها تەپوتۆزی ئەو بیروبۆچونانەی ناو جیهان بینی لیبرالّیزمی دیموکراس خوازی بۆرژوازیە دەیکات بەسەروچاوی کۆمەلگاکاندا و بەنرخی ئازادی پێیان دەفرۆشێتەوە. ئەم دەمارگیری و پاوان خوازیە بۆ قازانجی پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی ناو خێزانی سەرمایەدارانە وا دەکات شەڕوکوشتارەکان بەردەوام بێت.

ئەم شەڕە چەند سەریەی ئێستا ئەمریکا دەستی پێکردووە و لە ستراتیژی دوور خایەنیدایە بۆ لەناو دانی نەیارانی خۆی هەر لە ڕۆژهەلاتەوە تا دەگات بە ولاتانی باشوری ئاسیا و ولاتانی باشوری ئەفرقا هەمووی بۆ بەرژەوەندیەکە کە هەیبەتی ئەو نیزامە بەرز بهێلێتەوە. دیارە دەسەلاتدارانی ئەمڕۆی زۆربەی ولاتانێک کەهەن، هەموو لە مندالّدانی ناو ئەم سیستمە نارەوایەی دابەشکردنە چینایەتیەکانەوە لەدایک بوون. بەلام ئەوەی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت هۆکاری ئەم بەریەک کەوتنانەیە، کە چیتر ئەو ڕژێمانەی ناخوازن بێنە پشت سیناریۆکانی ئەمریکاوە بە لەناوچون مەحکوم دەکرێن، وبە بەشێک لە تیرۆرزمی نێودەولەتی ناونووس دەکرێن. نەک لەناوبردنی ئەم ڕژێمانە بەخاتری جێکەوتەبوونی ژیانێکی شایستە تر بۆ خەلّکانی ئەو ولاتانەی بەر ئەم سیناریۆیانە دەکەون.

ئەو جەنگە خوێناویەی ئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێت و ئایندەکەی تەواو لێلّە، لەگەلّ ئەو بەربەرەکانیەی نێوان جمهوری ئیسلامی سیاسی ئێران و ئەو گرژیو ئالۆزیەی ئێستای تورکیا و ئەمریکا پێیدا تێدەپەڕن دەتوانرێت چ چاوەڕوانیەکی لێ بە ئەنجام بگەیەنرێت بە غەیری پشێوی زیاترو ئالۆزیەکی لە ئەندازەبەدەر! دەولەتی تورکیا بۆ وەلامدانەوەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا) (کۆنگرێس) بۆ بەڕەسمی ناسینی قەتلّوعام کردنی ئەرمەنیەکان بەکارێکی جینۆسایدی، تورکەکان ئاگر تێبەردەدات و بە شێوەیەکی خۆ ئینتیحاریانە ئەمی ئەخیر پەلامارەکانی بۆ سەر باشوری کوردستان ئامادە باش دەکات. ئەمەیە پێکدادانی نێوان بەرژەوەندیەکان. ئەگەر ئەملا کارێکی کرد بە خواستی ئەمی بەرانبەر نەبوو، ئەوە ڕێگای دیکە دەگرنە بەر بۆ لایدانی بەرژەوەندیەکانی یەکدی و ئیتر گرنگ نیە لەم بەریەک کەوتنەدا خەلّکانی دی چ جۆرە کارەساتێکیان بەسەر دێت. ئەمە ناڕاستی و فەشەلی سیاسی ئەم دەولەتانە ڕوون دەکاتەوە.

ئایا ئەگەر ئەم زلهێزو ئەو ولاتە نەیارانەی ئەمریکا ئەگەر قازانجیان خودی ئاسایشی کۆمەلّگاکانی خۆیان و باشتر کردنی ژیانیانە چ پیویستیەکیان بە داهێنانی چەکی وێرانکار و کوشندە هەیە؟ تورکیا ئەگەر مەبەستی پاراستنی ئاسایشی کۆمەلّگای خۆیەتی و بە شوێن ئایندەیەکی ئازادی خوازەوەیە، بۆ نابێت بچێتە ژێر ئەو کاری جینۆسایدەی کە (عوسمانیەکان دژ بەئەرمەنکان) ئەنجامیاندا. کەواتە ئەم بەرژەوەندیانە لەمسەر تا ئەوسەری بە پایەداری نیزامی سەرمایەری، تەنها بۆ هێشتنەوەی باری مەینەتهێنەری سەرشانی خەلّکانی ناو خودی ولاتەکانیانە. لەم ڕێگایەوە دەتوانن ببن بە بەرهەمهێنی جیهان بینی ڕاسیزمانە و خەلّکی ناو ولاتانی دی بکەن بەدوژمنی یەک و خۆشیان لە قەیرانە نێوخۆییەکان بپارێزن و درێژە بە عومری دڕندەی خۆیان بدەن. بەرهەمی ئەم سیستمە کاولکاریە تەنها کاولکاریە، ئەگەر نا دەکرا لەبری ئەم شەڕوکوشتارە بیمە کۆمەلایەتیەکان و خزمەت گوزاریە سەرەکیەکانی ژیان درێژە پێبدەن و ژینگە لە پیس بوونی بۆمبەکانیان بپارێزن!!!!!!

2007/10/14